سێ یان پێنج جار، یان زیاتر بیشۆن -ئەگەر پێتان باش بوو-؛ بە ئاو وگڵای کنار، وبۆ شۆردنی کۆتا جار هەندێک کافور بۆ ئاوەکە زیاد بکەن (تێکەڵی بکەن)؛ ئەگەر تەواو بوون (لە شۆردنی) ئاگادارم بکەنەوە

لە ئوم عەتیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: یەکێک لە کچەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دوایی کرد، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاتە دەرەوە و فەرمووی: «سێ یان پێنج جار، یان زیاتر بیشۆن -ئەگەر پێتان باش بوو-؛ بە ئاو وگڵای کنار، وبۆ شۆردنی کۆتا جار هەندێک کافور بۆ ئاوەکە زیاد بکەن (تێکەڵی بکەن)؛ ئەگەر تەواو بوون (لە شۆردنی) ئاگادارم بکەنەوە». (ئوم عەتیە) دەڵێت: کاتێک تەواو بووین لە شۆردنی ئاگادارمان کردەوە، جلێکی پێداین کە لە بەشی نیوەی خوارەوەی لاشەی دەپێوشی، وفەرمووی: «با ئەم جلە یەکەم کفنی بێت»، و(ئوم عەتیە) دەڵێت: «قژیمان دابەشکرد بۆ سەر سێ پەلک».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

زەینەبی کچی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەفاتی کرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چوو بۆ لای ئەو ژنانەی کە دەیانشۆرد، و پێی فەرموون: بە ئاو و گەڵای کنار بیشۆرن، سێ جار یان پێنج جار یان زیاتر؛ ئەگەر پێویست بوو، و با ژمارەی شۆردنەکان تاك بێت، و لە شوشتنی کۆتاییدا هەندێك کافور تێکەڵ بە ئاوەکە بکەن، و کاتێک تەواو بوون ئاگادارم بکەنەوە. کاتێک لە شۆردنی تەواو بوون؛ ئاگاداریان کردەوە، ئەویش ئیزارەکەی (جلی نیوەی خوارەوەی لاشەی) دایە ئەو ئافرەتانەی کە شۆردیان، و فەرمووی: لولی بدەن بە دەوری لاشەیدا، و بیکەنە ئەو جلەی کە نزیکترینە لە لاشەیەوە، پاشان قژی دابەشکرا بۆ سەر سێ پەلك.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/1751

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee